# پێڕست


٢ راپۆرە هەواڵ
١٦ بۆچی پێویستمان بە گۆڤاری فیلم هەیە...!
١٨ سینەما لە پێگەی هونەردا
٢٢ سینەمای کلاسیک
٢٦ سینەمای کوردی و گرفتی شوناس
٣٢ سینەما لە نێوان نەمانی هۆڵەکان و بینەری راستەقینەدا
٣٤ دەرهێنەر و ژانری فیلم
٣٦ (سرتە لەگەڵ با) ئەو چیرۆکەی بەقوربانی فۆرم کرا
٣٨ نیوەی مانگ و گوزارشتی مردن
٤٠ دیمانە لەگەڵ دەرهێنەری فیلمی گەڕەکی داهۆڵەکان
٤٤ بەشی سینەمای کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە راپۆرتێکدا
٤٨ دیمانە لەگەڵ (ئاسۆ عومەر سوارە)ی ئەکتەر
٥٢ دیمانە لەگەڵ دەرهێنەری فیلمی (هەرمان)
٥٦ دیمانە لەگەڵ ماشاللەی محەمەدی
٥٨ شوێن و کەسایەتی لە سیناریۆدا
٦٠ کاری دەرهێنان لەسینەمادا
٦٤ گوێبیستی چییە..؟
٦٦ شیعریەت لە سینەمای «پازۆلینی»دا
٧٣ گاندی ڕۆحی مەزن و سەرکردەی ئایدیاڵ
٨٠ لویس بونوێل خاوەنی یەکەمین تاکە فیلمی سوریالی
٨٣ سینەما لە ئەمریکای لاتینیدا
٨٤ هونەری حەوتەم لە کیشوەری ئەفریقا
٨٨ بۆچی دەبێ سینەما لەکوردان حەرام بێت..؟
٩٠ هەولێر و سینەماکانی و چەند بیرەوەریەک
٩٢ سینەماکان لە هۆڵی نیشاندانی فیلم بۆ گەراجی ئۆتۆمبێل و کۆگای خواردەمەنی
٩٧ بۆچی تەماشاکردنی فیلم نەبۆتە کلتور؟
١٠٢ فیعلەن ئەم وشکەساڵییەی (دراما)ی کوردی بارانێکی بە خوڕی گەرەکە
١٠٥ سینەما یەعنی مزگەفتی شەیتانی..!!
١٠٦ تورک و عەرەب و فارس لەگەڵ کورد لە کوێستانی قەندیلدان!






ژمارە ( ١ ) نۆڤەمبەری ٢٠٠٩
گۆڤارێکی تایبەتە بە بواری فیلمسازی
بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای سلێمانی
دوو مانگ جارێ دەریدەکات

**خاوەن ئیمتیاز**
ئازاد سەوزە
**سەرنووسەر**
کەریم غەفور (کەریمۆک)
**راوێژکاری گۆڤار**
فەرزین کەریم
**دیزاین**
مراد بەهرامیان
فاتمە شێخ محەمەد
**تایپ**
دلۆڤان حسێن
**لۆگۆ**
چیمەن حەسەنی
**سەرپەرشتی چاپ**
ئومێد محەمەد
**چاپ**
چاپخانەی پیرەمێرد
**هاوکارانی ئەم ژمارەیە**
کەریم مەلا
شوان تاڤینگ
بەختیار سەعید
بەرەڤان ئەحمەد
مەسعود مەلا هەمزە
**بۆ پەیوەندیکردن**
kerimokc@yahoo.com
٠٧٥٠٤٦٦٦٨٣١
٠٧٧٠٢٤٨٦٦١٧

**ناونیشان**
سلێمانی – شەقامی سالم – تەنیشت بازاری شانیل




# کوردی ئازدیخواز لە رێگادایە

**پ. فیلم**

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشــور، بەســێ قۆنــاغ دەکرێتە فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری، لەو بارەیەوە (ئازاد کەرکوکی) دەرهێنەر گوتی: قۆناغی یەکەم لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە ساڵی (١٩١٤) دەست پێدەکات تا ساڵی (١٩٥٨) رووخانی رژێمی پاشــایەتی و هاتنە ســەرکاری رژێمی کۆماری، کە ئەم بەشە سەرجەم کارەکانی تەواو بووەو ئامادەی نمایشکردنە.

بەڵام قۆناغی دووەم کە لەســاڵی ١٩٥٨ دەســت پێدەکات تا ســاڵی ١٩٧٥، مۆنتاژی تەواو بووە، تەنها کاری مۆســیقای ماوە، هەروەها بەشی سێیەمیش کەلە نێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩٢)دایە ئەویش لەقۆناغی مۆنتاژ دایە.

فیلمەکە زیاتر رووداوە سیاســیە دیارەکانی لەخۆ گرتووە و وەک دەروازەیەک وایە بۆ چوون نێو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشور. لەوەڵامی پرســیارێکدا، بۆچی فیلمەکە لەســەر تەواوی کوردســتان نەبوو؟ کەرکوکی گوتی: چونکە کارکردن لەسەر کوردستانی گەورە کارێکی گەورەیە و لەتوانای گروپێکی بچوکدا نییە.

هەروەهــا کەرکوکی گوتی: لەراســتیدا فیلمی (کــوردی ئازادیخواز) فیلمێکی پەروەردەیشــە. بەتایبەت بۆ نەوەی تازەو خوێندکارانی زانکۆکان تا شــتێک لەسەر مێژووی نەتەوەکەی خۆیان بزانن لەرێگەی فیلمەوە.

لــەم نێوەشــدا چاوپێکەوتن لەگــەڵ خەڵکانی ئەکادیمی وەک مێژوونووســی رووس (لازاریف) و نووســەری تورک (ئیســماعیل بێشــکچی) و پرۆفیسۆری فرنسی (شــالیان) کراوە، هەروەها چەند کەســێکیتر کەبێگانەن و شارەزایان لەسەر مێژووی کورد هەیە.

سەبارەت بە دەستکەوتنی ئەرشیفی مێژووی کورد، ئازاد کەرکوکی دەرهێنەر گوتــی: لەگەڵ تەلەفزیۆنــی (BBC) و چەند شــوێنێکیتریش پەیوەندیمان کردووە بۆ کڕینەوی ئەو ئەرشیفەی لەسەر کورد هەیانە، هەروەها بنکەی ژین و تەلەفزیۆنی زاگرۆس و تەلەفزیۆنی گەلی کوردســتان هاوکاریان کردووین، جگە لە چەند کەســایەتیەکیش کەئەرشیفی تایبەتی خۆیان هەبوو، جا چ بەنووسن و زانیاری، چ بە فۆتۆ.

بێگومان قســەکردن لەسەر مێژوو، بۆچوونی جیاوا دەهێنێتە ئاراوە، لەوبارەوە دەرهێنــەری ناوبراو گوتی: بەڵام ئێمە زیاتر گێڕانەوەیەکی ئەکادیمی بۆ مێژوو پەیڕەو دەکەین و کاری ئێمە تاوانبارکردن یان بەراســتزانینی هیچ لایەک نییە، بەتایبەتی هەندێک لەو لایەنانە بەشێکن لەو مێژووە و هێستا لەگۆڕەپانەکەدان. چونکــە رەنگە جیــاوازی بۆچوون هەبێــت بۆ کەســایەتییە مێژووییەکان یان بزووتنەوە سیاسیەکانی ئەو سەردەم.

شــایانی باسە ئەم فیلمە ئەمساڵ بەشــداری خولی شەشەمین فێستیڤاڵی لەندەن دەکات.



# راپۆرەهەواڵ




2th Sulaimany Kurdish Film Festival

## دووەمین فێستیڤالی سلێمانی فیلمی کوردی

**بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای سلێمانی، دووەمین فێستیڤالی سلێمانی فیلمی کوردی (٢٠-٢٨/١٢/٢٠٠٩) ساز دەکات**

※ شوێنی فێستیڤاڵ. هەرێمی کوردستان – سلێمانی

※ شوێنی نمایشی فیلمەکانی فێستیڤاڵ (تەلاری هونەر و هۆڵی رۆشنبیری لە سلێمانی)دەبێت.

※ دوا مۆڵەت بۆ وەرگرتنی فیلمەکان ١٥/ ١١ / ٢٠٠٩ دەبێت.

※ رۆژی یەکەم... مەراسیمی کردنەوەی فێستیڤاڵ ونمایشکردنی فیلمێکی سینەمایی کوردی کات (٣) ی ئێوارە.

※ رۆژانی دواتری فێستیڤاڵ پێشبرکێ و نمایشی فیلمەکان دەبێت.

※ رۆژی ٢٠٠٩/١٢/٢٨ کە رۆژی سینەمای جیهانیە، مەراسیمی دابەشکردنی خەڵات و کۆتایی فێستیڤاڵ دەبێت.

※ خەڵاتی فێستیڤاڵی ئەم ساڵ بریتی دەبێت لە ئاسکی زێرین و ئاسکی زیوین بۆ کارە سەرکەوتووەکان.

※ ئاسک سمبولی وەرگیراوە لە کانی ئاسکانی شاری سلێمانی و لۆگۆی شارەوانی سلێمانیشەو ئاسک نمونەی گیانلەبەرێکی نەرمونیان و پرجوڵەیە و خەڵاتی زۆربەی فیستیڤاڵەکانی دنیایش گیانلەبەرێکی زیندووە هونەری حەوتەمیش (سینەما) هونەری وێنە جوڵاوەکان و زیندوێتی ژیانە.

**خەڵاتەکانی فێستیڤاڵ بۆ بەشەکانی پێشبرکێ ئاسکی زێرین و ئاسکی زیوین لەگەڵ بڕێک پارە بۆ هەر یەکێک لە بوارەکان:**

١- خەڵاتی باشترین سیناریو.
٢- خەڵاتی باشترین دەرهێنەر.
٣- خەڵاتی باشترین کچە ئەکتەر سەرەکی.
٤- خەڵاتی باشترین کوڕە ئەکتەر سەرەکی.
٥- خەڵاتی باشترین وێنە گرتن (بەڕێوەبەری وێنەگرتن).
٦- خەڵاتی باشترین مۆنتاژ.
٧- خەڵاتی باشترین مۆزیکی دانراوی فیلم.
٨- خەڵاتی باشترین تۆمارکردنی دەنگ+ دەنگدانانو میکساژ.
٩- خەڵاتی باشترین فیلمی پەسەند کراوی لیژنەی داوەرانی فیستیڤاڵ.
١٠- خەڵاتی باشترین فیلمی تایبەت بە مندالان.

**فێستیڤاڵی سلێمانی تایبەت بە نمایش کردنی و هەڵسەنگاندنی فیلمی کوردی بەپێی ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە بەڕێوە دەچێت:**

• فیلمەکان بەسیستم و فۆرماتی - DV-HD ٣٥mm وەردەگیرێت.
• کاتی فیلمی وەرگیراو نابێت لە (٥) خولەک کەمتربێت.
• فێستیڤاڵ فیلمی دۆکیومێنتی و ئەنیمەیشن وەرناگرێت و نمایش ناکرێت.
• فیلمە بەشداربووەکان لەلایەن لیژنەی بەرایی و پەسەندکردنەوە بۆ ئەم ئاستانە جیادەکرێنەوە:

※ پەسەند کردن بۆ بەشی پێشبرکێ و خەڵات.

※ پەسەند کردن تەنها بۆ بەشی نمایش.

※ پەسەند نەکردندن و وەلانان.

• ئەو فیلمانەی دەنێرێن بۆ فیستیڤاڵە کەمان لەهەر بەشێکی فیستیڤاڵ پەسەند بکرێن (بەشی نمایش و بەشی پێشبرکێ ونمایش نەکردن) لە فێستیڤاڵ بەرهەمهێنەرانیان و دەرهێنەریان ناتوان فیلمەکە لە فێستیڤاڵ وەربگرنەوە.
• سەرجەم فیلمە پەسەندکراوەکانی فێستیڤاڵ لە ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای سلێمانی دەپارێزرێن.
• ئەو فیلمانەی دەنێردرێن بۆ فیستیڤاڵ نابێت فیلمەکە لە کەناڵە ئاسمانی و تەلەفیزیونیەکان نمایش کرابن.
• ئەو فیلمانەی دەنێردرێن بۆ فیستیڤاڵ دەبێت بەرهەمی ساڵی ٢٠٠٧- ٢٠٠٨ بن.
• دەرهێنەران دەتوانن تەنها بەیەک کاری فیلمسازی بەشداری لە فێستیڤاڵدا بکەن.
• ئەو فیلمە کوردیانەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەرهەم هاتوون فێستیڤاڵ پێشوازیان لێ دەکات و سەرجەم قوناغەکان دەبرێت لەگەڵ فیلمەکانی ناو هەرێمی کوردستان بێ جیاوازی بە دوو کۆپی وەردەگیرێت.
• ناردنی فیلمەکان لە ناوهەرێمی کوردستان دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ فێستیڤاڵ بە دوو کۆپی (کاسێت و DVD) وەردەگیرێت لەگەڵ چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی فیلمەکە بە کوالیتی بەرز و پۆستەری تایبەت بە کارەکە (PDF) لەسەر (CD).
• خەڵات دەدرێت بە خودی کەسی پێ بەخشراو بۆ هەر بوارێک کە لە بەشی پێشبرکێ ئاماژەی پێدراوە.
• لە بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای سلێمانی، فیلمەکان وەردەگیرێت لای بەڕێوەبەری فێستیڤاڵ.
• نوێنەری فیستیڤاڵ لە خۆرهەڵاتی کوردستان بەڕێز (ستار چەمەنی گوڵ) لەشاری سنە دەبێت، لە شاری بانە بەڕێز (سەرکێو محەمەدی)دەبێت.
• نوێنەری فێستیڤاڵ لە ئەوروپا بەڕێز (ئاوات عوسمان) لە بریتانیا / لەندن ژمارە تەلەفون (٠٠٤٤٧٥٩٥٦٦٦٢٥٦).
• نوێنەری فیستیڤاڵ لە باشوری بچوک کوردستانی سوریا بەڕێز (نەدیم ئادۆ) لەشاری دیمەشق ژمارە تەلەفون (٠٠٩٦٣٩٨٨٢٩٤٤٠٤).
• بۆ زانیاری زیاترپەیوەندی بەم ژمارە تەلەفونانەوە بکە بە بەڕێوەبەری ڤیستیڤاڵ لە هەرێمی کوردستان بە ژمارە تەلەفونی (٠٠٩٦٤(٠)٧٧٠٢٤٨٦٦١٧) یان نورماڵ (٠٥٣٣١٩٤٧٢٨) یان پەیوەندی بکرێت بە وێبسایتی www.sulicinema.com یان بە ئیمێلی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەما سلێمانی sulycinema@gmail.com

# ١٧ فیلمی بڵندی سینەمایی و ٥٤ فیلمی دۆکیۆمێنتاری و ٥٥ کورتە فیلم

## لە شەشەمین فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن

شەشەمین خولی فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن و دووەمین خولی پێشبڕکێی «یەڵماز گۆنەی بۆ کورتە فیلم» لە سێ بەشی فیلمی بڵندی سینەمایی، فیلمی دۆکیۆمێنتەری و کورتە فیلم، بە ناوەڕۆکی چیرۆکی و دۆکیۆمێنتەری لە ڕۆژانی ٢٠ تا ٣٠ نۆڤەمبەری ٢٠٠٩ لە شـــەش شوێنی جیاوازی شاری لەندەن لە وڵاتی بەریتانیا بەڕێوەدەچێت.

ئەندامانی لێژنەی ناوبژیوانی ئەم فیســـتیڤاڵە بریتین لە: ســـینەماکاری کورد (شەوکەت ئەمین کورکی) لە هەرێمی کوردستان، فیلمناس و توێژەری سینەما (تیـــم کێنێدی) لە بەریتانیا، خانمە هونەرمەندی کورد (بێری شەڵماشـــی) لە هۆڵەندا، ئەکتەری ناوداری باکووری کوردستان (نەزمی کریک) و هونەرمەندی کورد (هەیڤی ئیبراهیم) لە هەرێمی کوردستان.

فیلمە ســـینەماییەکان کە لەم خولەی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن نمایش دەکرێن، بریتین لە: فیلمی ســـینەمایی «کەس لە پشیلە ئێرانیەکان خەبەری نییە» دەرهێنانی «بەهمەن قوبادی»، فیلمی ســـینەمایی «سرتە لەگەڵ با» دەرهێنانی «شـــەهرام عەلیدی» لە هەرێمی کوردستان، فیلمی سینەمایی «لە پاش رووخان» دەرهێنانی «هونەر ســـەلیم» بەرهەمی هاوبەشـــی فەرەنسا و ئەڵمانیا، فیلمی ســـینەمایی «ئازاد» لـــە دەرهێنانی «نیکۆلاس تەکیان» لە فەرەنسا، فیلمی ســـینەمایی «مندالآنی دیاربەکر» دەرهێنانی «میراز بێزار» بەرهەمی هاوبەشی باکووری کوردستان و ئەڵمانیا، فیلمی سینەمایی «بەهەشت شوێنی تیرۆریستان نییە» دەرهێنانی «کەیوان مەجیدی» کوردستانی ئێران، فیلمی ســـینەمایی «هەرمان» دەرهێنانی «حوســـێن حەســـەن» لە هەرێمی کوردستان، فیلمی سینەمایی «ئومێد» دەرهێنانی «ئەبوو کوردۆ» لە هۆڵەندا، فیلمی ســـینەمایی «هیوا» دەرهێنانی «پیتێر نێسیس» بەرهەمی هاوبەشی ســـوید، نەرویج و ئەڵمانیا، فیلمی ســـینەمایی «وڵاتی ئەفسانە» دەرهێنانی «رەحیمی زەبیحی» بەرهەمی هاوبەشی کوردستانی ئێران، عێراق و ئەڵمانیا، فیلمی سینەمایی ئەنیمەیشێنی «داستانی کاوەی ئاسنگەر» دەرهێنانی «هیوا ئیبراهیـــم» و « ســـتوارت پالمێر»، فیلمی ســـینەمایی «چریکەی هەورام» دەرهێنانی «فەرهاد مێهران فەر» ئێران، فیلمی ســـینەمایی «بۆنی ســـێو» دەرهێنانی «راڤین عەساف» بەرهەمی هاوبەشی هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیا، فیلمی ســـینەمایی «ئەســـتێرەکان لە ڕۆژدا بێرەنگن» دەرهێنانی «شـــیرین جیهانی» لە هەرێمی کوردستان، فیلمی سینەمایی «زریان» دەرهێنانی «کازم




ئۆزۆ» لە باکووری کوردســـتان، فیلمی ســـینەمایی «بەخێر بێن» دەرهێنانی «فیلیپ لیۆرێ» لە فەرەنســـا، فیلمی سینەمایی «زارا» دەرهێنانی «ئایتان مۆتلۆ ســـارای» بەرهەمی هاوبەشـــی سویسرا، نەمســـا، هۆڵەندا و باکووری کوردستان.

لە خولی پێشـــبڕکێی «یەڵمـــاز گۆنەی بۆ کورتە فیلـــم» ٥٥ کورتە فیلم لە ســـینەماکارانی کورد و بیانی لە سەرتاســـەری دنیا نمایـــش دەکرێن، لەوانە: کورتە فیلمی «ئەکتەری لە ناو بێدەنگیدا» دەرهێنانی «جەبار ســـاڵحی» لە کوردستانی ئێران، کورتە فیلمی «نان» دەرهێنانی «شەهێن عومەر خەلیفە» لە بلژیک، کورتە فیلمی «بژێـــوی» دەرهێنانی «کیا عەزیز» لە ئەرجەنتین، کورتە فیلمی «بوتیمار» دەرهێنانی «ئێرۆڵ مینتاش» لە باکووری کوردستان، کورتـــە فیلمی «نـــۆش. هیوا دوای هەر شـــتێکی تر دەمرێـــت» دەرهێنانی «حوسێن تەباک» بەرهەمی هاوبەشی ئەڵمانیا و نەمسا، کورتە فیلمی «ماڵی شـــوکەڵاتی» دەرهێنانی «شـــاهۆ مەحموودی» لە کوردستانی ئێران، کورتە فیلمی «رەنگی مەرگ» دەرهێنانی «ئایدین ئۆراک» لە باکووری کوردســـتان، کورتە فیلمی «دار ســـەروو» دەرهێنانی «شوکری عەلی عەبدوڵڕەحمان» لە هەرێمی کوردســـتان، کورتە فیلمی «مەرگەســـاتی بلۆک» دەرهێنانی «نەبەز شێخانی» لە هەرێمی کوردستان، کورتە فیلمی «بە بارمتە دانان، پێسپاردن» دەرهێنانی «شـــێرکۆ حەمە ســـەعید» لە هەرێمی کوردســـتان، کورتە فیلمی «دەرگا» دەرهێنانـــی «دڵگەش ڕۆژبەیانی» لە هەرێمی کوردســـتان، کورتە فیلمی «ماڵی خەیاڵاوی» دەرهێنانی «ئەهوورا زەمان پیرا» لە کوردســـتانی ئێران، کورتە فیلمی «خەونی چۆلەکەکان» دەرهێنانی «ناســـر حەسەن» لە هەرێمی کوردستان، کورتە فیلمی «یەکەم وێنەی خۆر» دەرهێنانی «جەعفەر نوورمحەمەدی» لە کوردســـتانی ئێران، کورتە فیلمی «پێنج لیرە» دەرهێنانی

# راپۆرەهەواڵ

«ا. سەرحەت کارا ئەسڵان» لە باکووری کوردستان، کورتە فیلمی «خەڵات» دەرهێنانی «شلێر ب.مۆردووچی» لە بەریتانیا، کورتە فیلمی «گۆڕەکانی ناخم» دەرهێنانی «م. تەیفوور ئایدین» لە باکووری کوردستان، کورتە فیلمی «مەرگان» (راوچی) دەرهێنانی «جەعفەر نوورمحەمەدی» لە کوردستانی ئێران، کورتە فیلمی «پەنابەر» دەرهێنانی «ئالان دیلان» لە بەریتانیا، کورتە فیلمی «کێشەی قەدەغەکراو» دەرهێنانی «ئەحمەد گوڵزاریان» لە کوردستانی ئێران، کورتە فیلمی «خولیای ون» دەرهێنانی «ناسر نیکبەخت» لە کوردستانی ئێران، کورتە فیلمی «ژیان» دەرهێنانی «شەبنەم قولی خانی» لە ئێران، کورتە فیلمی «ژیان تێنسە» دەرهێنانی «جان ویندال» لە سوید، کورتە فیلمی «رێگا درێژەکان» دەرهێنانی «فەتحی ئێواری» لە هەرێمی کوردستان، کورتە فیلمی «دایکی ناخ» دەرهێنانی «ئۆفۆک گۆکا» لە بەریتانیا، کورتە فیلمی «ئێم. ئێس. جی» دەرهێنانی «ئۆفۆک گۆکا» لە بەریتانیا، کورتە فیلمی «نەورەس» دەرهێنانی «کامران جەماڵ» لە هەرێمی کوردستان، کورتە فیلمی «نوستالجیا» دەرهێنانی «دڵشاد مستەفا رازاوە» لە بەریتانیا، کورتە فیلمی «لە دەرماڵدا» (لەبەر دەرگای ماڵ) دەرهێنانی «م. تەیفوور ئایدین» لە باکووری کوردستان، کورتە فیلمی «شمشاڵی بەهەشت» (فلوتی بەهەشت) دەرهێنانی «سارا محەمەد عەبدوڵڕەحمان» لە بەریتانیا، کورتە فیلمی «هەنار» دەرهێنانی «نەزیرە تووران» لە باکووری کوردستان، کورتە فیلمی «پۆستج» دەرهێنانی «کوردۆ دۆسکی» و «ڤینجە ئارڤیدسۆن» لە ئەمەریکا، کورتە فیلمی «سزا» دەرهێنانی «چیمەن رەحیمی» لە بەریتانیا، کورتە فیلمی «خەونە بەفرییەکان» دەرهێنانی «سالم سڵەواتی» لە کوردستانی ئێران، کورتە فیلمی «داخورانی خاک» دەرهێنانی «سارۆ یۆنسی» لە کوردستانی ئێران، کورتە فیلمی «جادە و سەرباز» دەرهێنانی «ناهید قوبادی» لە کوردستانی ئێران، کورتە فیلمی «چیرۆکەکانی دوای شەڕ» دەرهێنانی «سەروەر محیەدین» لە هەرێمی کوردستان، کورتە فیلمی «تاکسی» دەرهێنانی «دیاکۆ یەزدانی» لە کوردستانی ئێران، کورتە فیلمی «لێرە جادەکان بێ کۆتایین» دەرهێنانی «تۆفیق ئەمانی» لە کوردستانی ئێران، کورتە فیلمی «ژوانگە» دەرهێنانی «سەرکەوت محەمەدی» لە کوردستانی ئێران، کورتە فیلمی ئەنیمەیشێنی «یۆتۆپیا» دەرهێنانی «سایت فێرات ئۆکچۆگلۆ» لە ئەڵمانیا، کورتە فیلمی «فیکە لێدان لە ژێر ئاودا» دەرهێنانی «هووشمەند وەرعی» لە کوردستانی ئێران، کورتە فیلمی «کۆتری سپی» دەرهێنانی «ڤیان مایی» لە هەرێمی کوردستان، کورتە فیلمی «لەگەڵ کاتدا» دەرهێنانی «ئۆزای شاهین» لە ئەڵمانیا، کورتە فیلمی «جیهان کە روون دەبێتەوە» دەرهێنانی «سەتار چەمەنی گوڵ» لە کوردستانی ئێران، کورتە فیلمی «سەفەری سفر» دەرهێنانی «زانیار عەزیزی» لە کوردستانی ئێران، کورتە فیلمی «شانشین ۱: خەونبین» دەرهێنانی «تۆنی گریسۆنی» لە بەریتانیا، کورتە فیلمی «ساحێب خانوو» دەرهێنانی «ئاوات نامیق ئاغا» لە بەریتانیا، کورتە فیلمی «چیرۆکی تەلەفونکردن» دەرهێنانی «بینەوشە بێریڤان» لە بەلجیکا، کورتە فیلمی «تۆو» دەرهێنانی «موژدە ئەرسەلان» لە باکووری کوردستان، کورتە فیلمی «ئای ئای، گاکە بەڕەڵا بووە!» دەرهێنانی «بێری شەڵماشی» لە هۆڵەندا، کورتە فیلمی «ئەوانی تر» دەرهێنانی «هیشام زەمان» لە نەرویج، کورتە فیلمی «سیمینار» دەرهێنانی «ئاوات عوسمان عەلی» لە بەرتانیا، کورتە فیلمی «لەگەڵ خۆشەویستیدا» دەرهێنانی «بێری شەڵماشی» لە هۆڵەندا و کورتە فیلمی «تۆ دەزانیت» دەرهێنانی «بێری شەڵماشی» لە هۆڵەندا.

هەروەها لە بەشی دۆکیۆمێنتەری ئەم فیستیڤاڵەدا ٥٤ فیلمی دیکۆمێنتی پێشکەش دەکرێن، لەوانە: فیلمی «حەڤدەیەمین فۆتۆگراف» دەرهێنانی «سیبێل یێگیتێکین» لە باکووری کوردستان، فیلمی «رۆژێک لە باکوور» دەرهێنانی «ژوان حەمدۆ» لە رۆژئاوای کوردستان، فیلمی «کراسی کوشەندە: فرەژنە» دەرهێنانی «موژدە ئەرسەلان» لە باکووری کوردستان، فیلمی «هێرۆی ئەمەریکایی» دەرهێنانی «کیرک رووس» لە ئەمەریکا، فیلمی «هونەری میری هێلکە» دەرهێنانی «چێکدار کوردی» لە ئەڵمانیا، فیلمی





«باکگراوند» دەرهێنانی «ناهید قوبادی» لە کوردستانی ئێران، فیلمی «قوتوو» دەرهێنانی «پێشکەوت نووری» لە هەرێمی کوردستان، فیلمی «پشیلە و مشک» دەرهێنانی «بیژەن زەمان پیرا» و «ناهید قوبادی» لە کوردستانی ئێران، فیلمی «منداڵانی خاکی قڵیشاو» دەرهێنانی «عومەر لێوێنتوگڵۆ» لە باکووری کوردستان، فیلمی «پۆلەکەرێک دەخرێت» لە دەرهێنانی «جەلال نەسیری» لە کوردستانی ئێران، فیلمی «کوردستان لە نزیکەوە» دەرهێنانی «یۆکسێل یاڤۆز» لە ئەڵمانیا، فیلمی «دۆتمام» دەرهێنانی «سابیتە کایا» لە باکووری کوردستان، فیلمی «ئەنفال» دەرهێنانی «مام پۆڵا» لە ئەڵمانیا، فیلمی «کوردی ئازادیخواز» دەرهێنانی ئازاد کەرکووکی» لە هەرێمی کوردستان، فیلمی «مشتێک خۆڵەمێش» دەرهێنانی «نەبەز ئەحمەد» لە هەرێمی کوردستان، فیلمی «ئەی دەرەوە چۆنە؟» دەرهێنانی «نورسێل دوگان» لە باکووری کوردستان، فیلمی «من نەخۆش نیم، دایە!» دەرهێنانی «هاتیجە کامێر» لە باکووری کوردستان، فیلمی «کەرکووک» دەرهێنانی «شێرزاد هێدایەت» لە هەرێمی کوردستان، فیلمی «کوردی» دەرهێنانی «پەری ئیبراهیم» و «دۆاگ ئۆبرەیی» لە سکۆتلەند، فیلمی «وەرزی پێشوو: شاواکس» دەرهێنانی «کازیم ئۆز» لە باکووری کوردستان، فیلمی «لەیلا قاسم» دەرهێنانی «ئەمیر تەها» لە هەرێمی کوردستان، فیلمی «ژیان لە لیمبۆ» دەرهێنانی «ساکایی ئیسهیکاوا» لە ئەمەریکا، فیلمی «نەوەیەکی ون» دەرهێنانی «حوسێن جیهانی» لە ئوسترالیا، فیلمی «خۆشەویستی مۆسیقا» دەرهێنانی «یۆسف بێسیلۆز» لە سویسرا، فیلمی «زیندانەکەم، ماڵەکەم» دەرهێنانی «مانۆ خەلیل» لە سویسرا، فیلمی «نەورۆز لە تەنیاییدا» دەرهێنانی «هیوا سووفیە» لە کوردستانی ئێران، فیلمی «نەوت، شێرپەنجەی شارەکەم» دەرهێنانی «تەها کەریمی» لە کوردستانی ئێران، فیلمی «لە رێ بۆ قوتابخانە» دەرهێنانی «ئۆرهان ئێسکیکۆی» و «ئۆزگور دوگان» لە باکووری کوردستان، فیلمی «رۆژێکی پڕ ئێش» دەرهێنانی «سەتار چەمەنی گوڵ» لە کوردستانی ئێران، فیلمی «یەک لە هەزار ...» دەرهێنانی «هەتیچە کامێر» لە باکووری کوردستان، فیلمی «دیوی ئەودیوی سینەما» دەرهێنانی «ئارش عەباسی» لە کوردستانی ئێران، فیلمی «دیوی ئەودیوی ئەستەنبوڵ» دەرهێنانی «دۆندۆ کیچ» لە ئەڵمانیا، فیلمی «زیندانی ژمارە ٥: ١٩٨٠ تا ١٩٨٤» دەرهێنانی «جایان دێمیرێل» لە باکووری کوردستان، فیلمی «قالە مەرە» دەرهێنانی «حەمید قەوامی» لە کوردستانی ئێران، فیلمی «گەڕان لە شەرەف» دەرهێنانی «ماری ئانا ئسمۆدێرس برۆنی» لە هەرێمی کوردستان، فیلمی «ئەو چیایانەی دەجووڵێن» دەرهێنانی «جولیا پارنێل» بەرهەمی هاوبەشی ئەمەریکا، نیووزلەند و ژاپۆن، فیلمی «رێگا» دەرهێنانی «هاورێ بەهجەت» لە هەرێمی کوردستان، فیلمی «رووناک» دەرهێنانی «هووشەنگ میرزایی» لە ئێران، فیلمی «سێبەری خاک» دەرهێنانی «فەتحی ئێواری» لە هەرێمی کوردستان، فیلمی «سمود: خۆ ئێمە کافر نەبووین» دەرهێنانی «گۆران بابە عەلی» لە هەرێمی کوردستان، فیلمی «شتێک وەک چاوەکانی من» دەرهێنانی «هووشەنگ میرزایی» لە ئێران، فیلمی «سۆزدار، ئەوەی بۆ پەیمانی خۆی دەژی» دەرهێنانی «ئانێگرەیت ویتسما» لە هۆڵەندا، فیلمی «هەنگاو» دەرهێنانی «شوان مستەفا فەرەج» لە هەرێمی کوردستان، فیلمی «تەمیرە» دەرهێنانی «بێهرووز ئەسراری» و «مستەفا مەحموودی» لە کوردستانی ئێران، فیلمی «ترانس ئاسیا» لە دەرهێنانی «بینگوڵ ئەڵماس» لە تورکیا، فیلمی «ترانسئاسیا ئێکسپرێس» دەرهێنانی «مانۆئێل یۆبرساخ» و «ئۆزای شاهین» سویسرا، فیلمی «شەرمی شاراوەی تورکیا» دەرهێنانی «ژولیا رووکێ» بەریتانیا، فیلمی «فیڤا سیلڤا» (بژی سیلڤا) دەرهێنانی «کیا عەزیز» لە هۆڵەندا، فیلمی «با لە کۆڵانەکاندا دێت» دەرهێنانی «دیاکۆ یەزدانی» لە کوردستانی ئێران، فیلمی «وشەکانی جەنگاوەران» دەرهێنانی «کلۆدیۆ ڤان پلانتا» و «کارزان شێربەیانی» لە بەریتانیا، فیلمی «یەزیدییەکان» دەرهێنانی «ئانجا برییەن» لە نەرویج، فیلمی «مەزرا





ئێزیدییا» دەرهێنانی «روودی ئوزباشــی» لــە تورکیا، فیلمی «بەڵێ ئێمەش دەتوانین!!» دەرهێنانی «رێکیش شاباز» لە هەرێمی کوردستان و فیلمی «ساڵی سفر» دەرهێنانی «حوسێن جیهانی» لە ئوستورالیا.
جێی ئامــاژە پێدانە فیســتیڤاڵی فیلمــی کوردی لەنــدەن یەکێکە لە گەورەتریــن فیســتیڤاڵەکانی فیلمی کوردی لە سەرتاســەری دنیا و لە بەڕێوەچوونی ئەم خولەی فیســتیڤاڵدا کۆمەڵێــک ڕێکخراوەی دەوڵەتی و ناحوکمــی لە هەرێمی کوردســتان و لە بەریتانیــا و هەروەها وڵاتانی دیکە یارمەتی بەرپرســانی فیستیڤاڵیان داوە، لەوانە: حکومەتی هەرێمی کوردســتان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ســینەمای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانــی حکومەتی هەرێمی کوردســتان، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردســتان لە بەریتانیا، پارێزگاری لەندەن، ناوەندەکانی «ئەمنســتی ئینتەرناشــناڵ»، «کۆلێژی بیربێک»، «ریجمیکــس»، «بەڕێوەبەری سینەما، ریڤەرساید»، «شۆرتوەیڤ سینەما»، «سپرینس ستۆدیۆس»، کۆمپانیاکانی «بی. پلان»، «موفید ئاند»، «ئاسۆ- خەندان»، «سایبۆ تێکست»، «کەناڵی تراڤڵ»، «لیبارا موبایل»، «دونیا رێستۆرانت» و هەروەها کۆمەڵێک لە کەناڵە ئاسمانییەکان، لەوانە: زاگرۆس، کوردستان، گەلی کوردستان، نەورۆز، کۆرەک، رۆژ، تیشک، کورد کەناڵ، کی.ان.ان، رۆژنامەکانی هاوڵاتی و جەماوەر و چەندین دەزگای راگەیاندنی دیکە.

مەنسوور جیهانی
**راگەیاندنی گشتی فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن**



# فیلمی سرتە لە گەڵ با

## خەڵاتی ڕەخنەگرانی لاوی هندستانی لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی مۆمبای وەرگرت



مەنسوور جیهانی

«شەهرام عەلیدی» دەرهێنەری لاوی کورد بە فیلمی سینەمایی «سرتە لە گەڵ با» خەڵاتی ڕەخنەگرانی لاوی هندستانی لە یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی مۆمبای لە وڵاتی هندستان بەدەستهێنا.

بە پێی راپۆڕتی راگەیاندنی گشتی فیلمی سینەمایی «سرتە لە گەڵ با»، شەهرام عەلیدی دەرهێنەری گەنجی کوردستان بە فیلمی سینەمایی «سرتە لە گەڵ با» «Whisper With the Wind» خەڵاتی «ڕەخنەگرانی لاوی هندستان» واتە «دەروازەی زیوی هندستان»ی لە بەشی کێبڕکێی نێودەولّەتی لە یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی مۆمبای لە وڵاتی هندستان بەدەستهێنا. خەڵاتی «ڕەخنەگرانی لاوی هندستان»، خەڵاتی ئەکادیمیای هونەر و سینەمای مۆمبای دێتە ئەژماردن.

فیلمی سینەمایی «سرتە لە گەڵ با» لە دوو سانسی جیاوازدا لە رۆژانی ٣ و ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩ بە ئامادەبوونی شەهرام عەلیدی نمایش کراو لە لایەن ڕەخنەگران و بینەرانی بەشداربوو لە فێستیڤاڵدا پێشوازییەی باشی لێکرا.

لە ڕێوڕەسمی کۆتایی ئەم فێستیڤاڵەدا خەڵاتی تەمەنێک چالاکی هونەری پێشکەش بە سینەماکاری ناوداری یۆنانی «تێئۆ ئانجلیۆپلووس» کرا و هەروەها خەڵاتی تەمەنێک ئەزموونی هونەری بەخشرایە ئەستێرەی گەورەی سینەمای هندستان «ئامیتا پاچان».

لە جەژنێک کە بەرپرسانی فیستیڤاڵی فیلمی مۆمبای بۆ هونەرمەندانی سەرکەوتووی ئەم فیستیڤاڵە گرتیان «تێئۆ ئانجلیۆپلووس» لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ شەهرام عەلیدی، گوتی: کورد هەموو کاتێک لە لای من خۆشەویست بووە و سڵاوی تایبەتی من بە کوردەکان بگەیەنە.

جێی ئاماژە پێدانە سەرۆکی لێژنەی داوەرانی یازدەیەمین خولی فیستیڤاڵی






نێونەتەوەیی فیلمی «مۆمبای» هیندستان لە ئەستۆی «پۆل شرێیدێر» خولقێنەری فیلمە سینەماییەکانی «شۆفیری تاکسی» و «دوایین دڵەڕاوکێ مەسیح» بوو.

یازدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی مۆمبای لە بەشەکانی «کێبڕکێی نێونەتەوەیی»، «کێبڕکێی سینەمای جیهان»، «نمایشی فیلمەکانی هندستان»، «بەشی کێبڕکێی کورتە فیلمەکان» و هەروەها «بەشی چاوخشاندنێک بە بەرهەمی دەرهێنەرەکانی دیکە» لە رۆژانی ٢٩ ئۆکتۆبر تا٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩ لە شاری مۆمبای لە وڵاتی هیندستان بەڕێوەچوو.

شیانی باسە فیلمی (سرتە لەگەڵ با)، بەشداری خۆلی شەشەمینی فێستیڤاڵی

فیلمی کوردی لەلەندن دەکات، لەبەشی فیلمی درێژ.کە لەرۆژانی ٢٠-٢٠٠٩/١١/٣ لە لەندن ساز دەکرێت.

هەروەها لەبارەی ئەم فیلمەوە لە گۆڤاری (فیلم) لەبەشی شیکردنەوەی فیلم، بابەتێکی فەرزین کەریم، بەناوی (سرتە لەگەڵ با، ئەو فیلمەی بە قوربانی فۆرم کرا) بخوێنەوە.





# جوان بامەڕنی بۆ فیلمەکەی لەئێرانە، کەواتە چاوەڕێبە

رەنگە فیلمی (کەوتە چاوەڕێبە)، تاکە فیلم بێت لەماوەی بەرهەمهێنانی زۆرترین قسەی لەسەر کرابێت و بۆ ماوەیەک بابەتی هەواڵ و بەدواچوونی رۆژنامەکان بووبێت. لەگەڵ ئەوەی ئەم فیلمە لەنێو تۆرێک کیشەو گرفت گوزەراندی، سەرنجام کاری وێنەگرتن کۆتایی پێهات. لەو بارەیەوە، دەرهێنەر (جوان بامەڕنی) گوتی: بەداخەوە ئەو هەموو شتەی لەرۆژنامەکان لەسەر فیلمەکە نووسران مەبەستی لەپشتەوە بوو، بەڵام دوای ئەوەی بەڕێوەبەری گشتی هونەری سینەماو بەڕێوەبەری هونەری سینەمای هەولێر پرۆگرامێکیان دانا، هەموو کێشەکان چارەسەر کران، کەببوە رێگر لەبەردەم تەواوکردنی فیلمەکە، بۆیە لە هەفتەی دابێت دەچینە تاران، بۆ ئەوەی قۆناغەکانیتری مۆنتاژ و دەنگ و سەرجەم کارەکان تەواو بکەین، ئومێد دەکەم زوو فیلمەکە تەواو بێت و بگەڕێمەوە.

سەبارەت بەوەی نیازتانە یەکەم نمایشی فیلمەکە لە کوێ بێت، جوان گوتی: لێرە لەکوردستان بەئامادەبوونی هونەرمەندان و خەڵکی پسپۆڕ و کاربەدەست و فەرمانبەرانی حکومەت، تا بێن و ببینن کە ئەو فیلمەی ئەو هەموو قسەی لەسەر کرا چییە، تا بزانن ئایا بەراستی ئەو پارەیەی بۆ فیلمەکە سەرفکراوە بەفیرۆ چووە!. ئەو کاتە با رۆشنبیران و خەڵک حوکم بدەن.





# پێمخۆشە یەکەم نمایش بۆ کەسانی پسپۆڕ بێت

(سێبەری ون بوو)، فیلمێکی ٦٧ خولەکیەو لەلایەن (وشیار نێروەیی)وە کاری دەرهێنانی بۆ کراوە، سیناریۆکەشی بەهاوبەشی لەلایەن ناوبراو و (بیلال شاکر) نووسراوە.

چیرۆکی فیلمەکە باس لە کۆمەلێک کێشەی قوتابیانی بەشی ناوخۆیی دەکات، بەرهەمی کەرتی تایبەتەو ستافەکەی بەخۆبەخش کاریان کردووە. وەک دەرهێنەر گوتی ناتوانین بڵێین فیلمێکی تەواو سینەماییە، دەتوانین بڵێین تلی سینەمایە.



هەروەها دەرهێنەر دەڵێ: هەست بەخۆشیەکی گەورە دەکەم کە یەکەم فیلمی درێژی خۆم دروست دەکەم، هیوادارم کارەکە رووی مەجلیسی هەبێت، هەروەها دەڵێ: لەبەر ئەوەی بەرهەمی کەرتی تایبەتە بۆیە وەک ئەزمونێک یان تێیدا سەرکەوتوو دەبین، یان وازی لێدەهێنین. هیوادارم ئەو کەسانەی پسپۆڕن لەبوارەکەدا بیبینن و لەروانگەیکی زانستیەوە شیکردنەوەی بۆ بکەن، تا ئاستی کارەکە بۆ خۆمان و بینەران دیار بێت. بۆیە دەمانەوێت یەکەم نیشاندان لە شوێنێک بێت تایبەت بێت بە سینەما.

سەبارەت بەوەی ئایا ئێمە گەیشتوینەتە ئەو ئاستەی کە بتوانین وەک کەرتی تایبەت کار بکەین؟ دەرهێنەر وشیار نێروەیی گوتی: بێگومان هەموو شتێک سەرەتایەکی دەوێت، توانامان هەیەو پێویستە بڕوامان بەخۆمان بێت و رێز لەیەکتر بگرین، بەچاوی خراپ سەیری کاری یەکتر نەکەین.



# هێشتا حسابی ئەو شەوە یەک لانەبۆتەوە

فۆتۆ: رەوشت توانا

«ئێستا دەبێت لە رووی جوانسازی و چاکسازی کاری تێدا بکرێت، ئەو موزیکەی بۆی دانراوە وەک تێست وایە، هەروەها ئێمە لەو فیلمەدا کارەکتەرێکمان هەیە رۆلی فریشـــتە دەبینێ ئەمە دەبێت لــەو قۆناغەدا باش بکرێت کەئەمە کارێکە کەســی پســپۆر دەیکات و وردەکاریی زۆری دەوێ». ئەمە قسەی (حوسێن سێودین)ی دەرهێنەری فیلمی (شەوی حساب)ە.

ئەم فیلمە (٩٠) خولەکییە کەسیناریۆکەی لەبەشێکی رۆمانی (شاری مۆسیقارە ســپییەکان)ی نووســەری دیار بەختیار عەلی ئامادەکراوەو ئێستا لە قۆناغی (post-production) دایە، وەک دەرهێنەر دەڵێ: «دوای ئەوەی فیلمەکە بەو مۆنتاژە سەرەتاییەوە ناردمان بۆ فێستیڤاڵی (film that matter) واتە ئەو فیلمانەی کە خاوەنی بابەتن کە رێکخراوی ئەمنســتی ئینتەرناشنال رێکی دەخات، دوای ئەوەی بینیان یەکســەر ئۆکەیان پێدا بۆ ئەوەی بیخەنە لیستی پرۆگرامەکانی خۆیان، چونکە فیلمەکە ناوەرۆکێکی ئینسانی هەیە، ئەمەش بۆ ئێمە کارتێک و شانســێکی گرنگە تا فیلمەکە هاوکاری بکرێت بۆ تەواوکردنی کارەکانیتر و دواتر فیلمەکە لەفێستیڤاڵە جیاجیاکانی دونیا قبول بکرێت».



دەربــارەی ئەوەی ئایا یەکەم جار بەنیازن لە کوێ نیشــانی بدەن: ســێودین گوتی: «ئەگەر فیلمەکە بگاتە (final cut) ئەوە بەنیازین لەجەژنی نەورۆزی ســاڵی داهاتوو، لەشاری کەرکوک نمایشی بکەین، ئەمەش یەکەم لەبەر ئەوەی خۆم دەرهێنەرێکی کەرکوکیم، دووەم تا کوردســتانیەتی ئەو شــارە دووپات بکەینەوە».

ســەبارەت بەوەی یەکەم فیلمی درێژی خۆت دروســت دەکەی هەســت بەچی دەکەی: ح. ســێودین گوتی: «هەست دەکەم بەشــێک لە خەونەکەم هاتۆتە دی، بــەڵام کاتێــک خەونەکەم تەواو دێتەدی، کەفیلمەکەم لەنێو فیســتیڤاڵە جیهانییەکان نمایش بکرێت».

شاری مۆسیقارە سپییەکان، خاوەن خوێنەرێکی زۆرە و رۆمانێکی جدییە، ئایا کارکردنی دەرهێنەر لەو رۆمانەدا چۆنە؟ حســێن لەو بارەوە گوتی: «لەرووی مبدەئیەوە لامان نەداوە لە پرانسیپەکانی نووسەر (بەختیار عەلی)، بەڵام هەر کەسێک کە رۆمانەکە دەخوێنێتەوە، تەسەورێکی لا دروست دەبێت لەسەر کەسایەتی (سامری بابلی) هەروەها بۆ (جەلادەتی کۆتر) بەڵام کە دەکرێتە فیلم ئەم کەسایەتیانە شێوە وەردەگرن، واتە بەرجەستە دەبێت.





# ماسییه سورەکانی جەلاد و قوربانی لەفێستیڤاڵی سلێمانی

کورتە فیلمی (ماسی سور)، کە لەچیرۆکی (گۆرانییەکانی ماسیفرۆشێک)ی نەجات نوری وەرگیراوە، حیکایەتی منداڵێک دەگێڕێتەوە، دایکی بەبچووکی دراوە بە شوو، بۆیە ژیانێکی نا لەبار لەگەڵ مێردە پیرەکەیدا بەسەر دەبات. بەو هۆیەوە لەدەرەوەی ژیانی هاوسەری بەدوای خۆشەویستیدا دەگەڕێت. تا لەگەڵ ماسگرێکدا پەیوەندی خۆشەویستی دەبەستێت و دەگەنە ئەو ئاکامەی بڕیاربدەن پێکەوە رابکەن بۆ شوێنێکی دووری دەریا. ئەمەش کێشەیەکی دەرونی و کۆمەڵایەتی قوڵ بۆ منداڵەکە دروست دەکات و بە بێکەسی دەیهێڵێتەوە، بۆیە بەردەوام ئازارەکانی لە رێگەی ئەو وێنانەوە دەردەبڕێت کە لەکاتی وانەی وێنەدا دەیانکێشێت. ئەمەش وا لە مامۆستاکەی دەکات بەدوای چیرۆکی ژیانی ئەم منداڵە بکەوێت و تا تەمەنێکی درێژ بەردەوام لە رێگەی فۆتۆوە ژیانی ئەم منداڵە بۆ بینەر بگێڕێتەوە.

لەوەڵامی پرسیارێکدا بۆ (هەوراز محەمەد)ی سیناریست و دەرهێنەری فیلمەکە، کە ئایا دەتانەوێت لەدووتوێی ئەم فیلمەدا چی بڵێن؟ بەمجۆرە هاتە وەڵام: لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا کە مرۆڤ ئازاد نییە لە هەڵبژاردنی ژیاندا هەمیشە بۆ ئازادی دەبێت قوربانی بدات، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە زۆرجار کەسی قوربانی خۆی دەبێتەوە جەلاد و کەسانی تر دەکاتەوە بە قوربانی، ئەم ژنە قوربانی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەیە و منداڵەکەشی دەکاتەوە قوربانی هەڵوێست و رەفتارەکانی خۆی.

(ماسی سور) بەرهەمی بەڕێوەبەرێتی هونەری سینەمای سلێمانیەو بڕیارە لە دووەمین فێستیڤاڵی سلێمانی بۆ فیلمی کوردی نیشان بدرێت. بەڕێوەبەری بەرهەم (عەبدولڕەحمان محەمەد)ە و لەلایەن (بوار جەلال کوردی) وێنەی گیراوەو (ئەحمەد مەحمود)یش کاری مۆنتاژەکەی بۆ کردووە.





# هەشتاو هەشت
# باس لە هەشتاو هەشت دەکات

film.88..director.soheil sokhanpazhouh...halabche...2009

فیلمسازی ئێرانی (سهیل سـخن پژوه) دەرچوی بەشی دەرهێنانی سینەمایی لە تاران، لـەم ماوەیەدا بەهاوکاری هونەرمەندانی شـاری هەڵەبجە کۆتاییان بەوێنەگرتنی فیلمێک هێنا بە ناوی (هەشتاو هەشت).

کچێک دوای چەندین ساڵ لە ئاوارەیی بۆ زێدی خۆی (هەڵەبجە) دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێک دەربارەی بۆردومان کردنی ئەو شارە ئامادە بکات. لەگەڵ گەڕانەوەیدا بۆ ناو هەڵەبجە منداڵێک دەناسێت کەهاوکاری دەکات تا سەردانی هەندێ شـوێنی ئەو شـارە بکات، لەگەڵ بینینی هەر شوێنێک یادەوەریەکانی منداڵی خۆی دێتەوە بیر، لەکاتی بۆردومانکردنی هەڵەبجەدا، ئەمە چیرۆکی ئەم فیلمەیە کە ئێستا لەتاران کاری موزیک و مۆنتاژی بۆ دەکرێت. بڕیاریشە وەک رێزێک بۆ شەهیدانی ئەم شارە لە ٢٠١٠/٣/١٦ لە هەڵەبجە نمایش بکرێت.

(شـێنێ حەیدەر، شـەنگ ئیدریس، جەلیل سـەعید، کۆچەر نوری، وەرزێر محەمەد، میریدیان سـەلام، ژیار بەرزان، گۆڤارجەلیل، گیچەند جەلیل، شاملۆ ئیبراهیم، رۆژین سەروەت...و..) وەک ئەکتەر رۆڵ دەگێرن و (سەروەت حاجی، سەلام حاجی عەلی) کاری وێنەرگرتنیان ئەنجام داوە. بەڕێوەبەری بەرهەمیش (ئەردەڵان ئەحمەد)ە، لەگەڵ کۆمەلێک هونەرمەندانی تر.





# یادەوەرییەکانی پیاوێک لەسێبەری فیشەکدا

**فیلم - دهۆک**

ئەگەرچی خودی بابەتەکە واقیعیە، بەڵام وەک دەرهێنەر دەبێـــژێ بەفۆرمێکی تازە لەرووی دەرهێنان و پێکهاتەکانیتری فیلم کاری تێدا کراوە، (سێبەری فیشەک)، ناوی ئەو فیلمە درێژەیەکە، ماوەکەی (٦٣)خولەکە و چەند مانگێک دەبێت ستافێک لەشاری دەهۆک سەرقاڵی کارکردنن تێیدا، لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا (مەسعود عارف)ی سینارســـت و دەرهێنەری فیلمەکە گوتی: ئێستا مۆنتاژی تەواو بووە، چۆتە قۆناغی موزیک و دەنگ دانان، بەو ئومێدەی لەســـەرەتایی ســـاڵی تازە کۆتایی بەسەرجەم کارەکانی بێت و ئامادەی نمایشکردن دەبێت.

(محەمەد عەلی ئەتروشی و زیلان) وەک پاڵەوانی سەرەکی رۆڵی تێدا دەگێڕن، چیرۆکی ئەم فیلمە باس لە یادەوەریەکانی پیاوێک دەکات کەسی بەشی ژیانی لەنێو نەهەماتی و ماڵوێران لەژێر ســـێبەری ترســـی فیشەک، سێبەری ترس و تۆقین، گوزەراندووە، ئێســـتا کەزەمان و سەردەمێکی جیاوازە ئەم یادەوەریانە وەک مۆتەکەیەک وان و ناتوانێ لێیـــان دووربکەوێتەوە. وەک دەرهێنەر گوتی دەشـــێ یادەوەریەکانی ئەم پیاوە وەک سیمبولێک بۆ سەرجەم نەتەوەی کورد وێنای بکەین.

**سێبەری فیشەک**

**بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای دەهۆک.**






# فیلمەکی دوکیومینتی ل سەر ژیانا پادشایی سینەما کوردی (یەلماز گونای)

**فیلم/ دهوک**

ل دهوکێ فیلمەکێ دیکومێنتی یێ ٨٠ خولەکێ بناڤێ (باشوریێ خوراگر) ل سەر ژیان و خەباتا سینەمکاری ناڤداری کورد یەلماز گونایی ژ سیناریو، مونتاژ و دەرهێنەریا (شینوار کەمال) دهێتە چێکرن.

دەرهێنەر شینوار کەمال ب «فیلم» راگەهاند ل هەیڤا ١١ یا سالا بوریێ وان دەست ب ڤی کاری کر و نوکە کارد قوناغا ناڤەراست دایە و دیارکر نها د قوناغا مونتاژ و دەنگێ دایە و وان ل بەر ل هەیڤا ١٢ یا ئەڤ سال بداویی بینن.

هەروەسا گۆت «وان مفا ژ فیلم و تەکسێتێ یەلمازێ و ئەو پەرتوکێن ل سەر ژیان و بەرهەمێن وی هاتیە چێکرن وەرگرتینە بو دورستکرنا فیلمێ».

دیسان ناڤبری ئاشکرا کر هەر چەندە هندەک جهان داخواز ژێ کریە فیلمێ بفروشین وان « بەلێ تا نوکە مە بریار نەدایە هەتا ب داوییێ بهێت».

هەر چەندە شینوار وەسا بینت ئەو کارێت یەلمازی ئەنجام داین تێرا وی هەنە پێ بهێتە نیاسین بەلێ گۆت «بەلێ بەرهەم و کارین وی ل کوردستانێ ب ساناهیی بدەست ناکەڤن لەورا من فەر دیت ڤی کاری ئەنجام بدەم».

شینوار، بەرێ نها دوو فیلمێن دیکومنیتی بناڤێ (دوماهیکا دکتاتوری) و (دەنگێ دیروکێ) دورستکرینە هەروەها دوو فیلمێن سینەمایێ ژی (شەق) و (ژیان د گەل بابەلیسکێ) ئەڤە ئێکەمێن فیلمێ وی یێ درێژە کو ماوەیی وی ٨٠ خولەکن.

یەلماز گونایی ب ناڤودەنگرێن سینەمکاری سەدی رابردوو ل تورکیا دهێتە نیلسین کو ب فیلمێ (یول) خەلاتی فیستەڤالا کان ل سالا ١٩٨٢ ی بدەست ئینات بوو و ل تەمەنی ٤٧ سالیێ ل فەرنسا وەغەرکر هەر ل وێرێ ژی هاتبوو ڤەشارتن.



# فیلمێ (ئەڤراز کورکێ) ل لەندەن و سویسرا دهێتە نیشاندان

**فیلم/ زاخۆ**

کورتە فیلمێ «تەنێ ئێک جار» یێ ژ سیناریو و دەرهێنانا (ئەڤراز کورکێ) ل دوو فیستەڤالێن ئەوروپا ل سویسرا و بەریتانیا هاتیە وەرگرتن و دێ هێتە نیشاندان.

مهدی مونیر رێڤەبەرێ بەرهەمێ «تەنێ ئێک جار» ئەڤ چەندا ل سەری بو (فیلم) ئاشکرا کر، هەروەها دیارکر هێشتا پێزانێن گشتی نە گەهشتینە وان دەربارەیی هەر دوو فیستەڤالان « ئەم بێن هاتینە ئاگەهدارکرن کۆ یا سویسرا ل ڤێ هەیڤێ و یا لەندەن ل یا بیت دێ هێنە سازکرن بەلێ هێشتا پێزانێن دیکە نە گەهشتنە مە».

تەنێ ئێک جار باسی ئازادی کەتن کۆ کچەک زارۆک ب رولێ سەرەکێ رادبیت، و دخوازیت ئەو کەوین بابێ وێ دکەتن د قەفسی دا ئازاد بکەتن، و ماوەیی وێ ١٧ خولەکن ل دەڤەرا زاخۆ هاتیە وەینەکرن ژ لایێ مستەفا عەبدولا و بەرهەمێ تیپا زاخۆ یا هونەری یە.

